ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# لە نێوان دوو شارستانیەتدا

باوکی محمد

3.12.2004

لەکاتێکدا کە دەوڵەتی ئیسلام فراوان بوو لە سەردەمی خەلیفەی ڕاشید عومەری کوڕی خەتتاب، ئیسلام بووە کەفیلی هەموو کەسێك تەنانەت ئەهلی کتابیش کە هیچ شتێك لە مافەکانیان نەخورێت، مرۆڤایەتی و کەرامەتیان پارێزراو بێت، کاتێك دوژمنانی ئیسلام زانیان کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن ئەو هێزو دەسسەلاٌت و دادپەروەریەی ئسلام وەلا بێنێن و بیڕۆخێنن، کەوتنە پیلان گێڕان لە ژێرەوە بە لەناو بردنی سەری دەوڵەتی ئیسلام کە خەلیفە عومەر بوو خوالێی ڕازی بێ، هەرسێ ئەو کۆمەلاٌنەی کە بە هاتنی ئیسلام دەسەلاٌتی پڕستەمیان لە دەست دابوو زۆر بە قینەوە ئاهۆ ئۆفیان بوو کە ڕۆژێك تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، ئەوەبوو جوولەکە بە هۆی عبداللەی کوڕی سەبەئەوە ڕافیزە-شیعە-یان دروست کردو بوونە خۆرکەیەك لە ناو موسڵمانانداو هێشتاش هەر ماوون، هەروەها فارس و ڕۆمیش کە ئیمبراتۆرەتەکەیان ڕووخابوو کەوتنە پلان گێران، کەواتە هەردووقینی فارس و ڕۆمەکانی ئەو کاتە لە گەلٌ فێلٌ و تەڵەکەبازی جوولەکە لە کارادا بوون بو ڕوودانی یەکێك لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژوو کە کوژرانی خەلیفە عومەربوو، کە ئیتر دوای ئەو ئوممەتی ئیسلام نەیتوانی بچێتە هەمان ئەو ئاستەی کە لەو کاتەدا تیایدا ژیابوو .

ڕاستیەکی مێژووی نەگۆڕە کە لە پیلانی شەهیدبوونی خەلیفەی موسڵماناندا عومەری کوڕی خەتاب لە نێوان ( ئەبولوئلوئەی فارسی و هورموزان و جوفەینەی نەسرانی ) ڕویدا بە ئاگاداری و پیلان و بەشداری کردنی یەکێك لە حاخامەکانی جولەکە.

ئێمە مەبەستمان لێرەدا تۆمارکردنی ڕووداوێکە کە تاکو ئێستە لە مێژوودا ڕوینەداوەتەوە، کە بەڕاستی نمونەی دادپەروەری و حەق و راستی ئیسلامەو نمونەیەکە لە سەر پیشاندانی ڕووی گەشی شارستانێتی ئیسلام .

ئێوارەیەك دوای نوێژی ئێوارە عبدالرحمن ی کوڕی ئەبوبەکرخوالێیان رازی بێت بە کۆلاٌنەکانی مەدینەدا ئەڕۆشت بچێتەوە بۆ ماڵەوە، لە دورەوە سێ کەسی بینی (ئەبو فەیروز لوئلوئە، هورموزان، جوفەینە ) ، کاتێك بەرەو ڕوویان ڕۆشت هەرسێکیان پەشۆکان و هەستانە سەر پێ، ئەبو فەیروز خەنجەرێکی دووسەری پێ بوو لێ کەوتە خوارەوە، بەلاٌم عبدالرحمن نەیزانی بەوەی کە ئەمانە چ پیلانێکیان لە ژێر سەردایەو بە تەمای چین، لێیان وورد بۆوەو سەیری کرد پەشۆکاوون و سەیری خەنجەرەکەشی کرد جەنجەرێکی تیژوو نامۆ بوو، بەلاٌم هیچ شتێك وا نەهات بە بیریدا کە ئەمانە خەیکی هیچ پیلانێك بن، لەبەر ئەوە لێیدا ڕۆشتەوە بۆ ماڵەوە.

نوێژی بەیانی عومەر پێش نوێژی کرد بۆخەڵکەکە لە مزگەوت، دوای ئەوەی نوێژ دابەسترا یەکسەر یەکێك هەڵیکوتایە سەر خەلیفەو شەش خەنجەری جەرگبڕی لێداو ئینجا هاوەڵەکان وویستیان بیگرین بەلاٌن پەلاماری ئەوانیشی داوو چەند کەسێکی لێ شەهید کردن، عومەر زۆر بە سەختی بریندار بوو، هاواری کرد : ئایا عبدالرحمن کوڕی عەوفتان لە نێواندایە، ووتیان : بەڵێ، ووتی : با بێت پێش نوژیەکە بۆ خەڵکەکە بکات .

خەڵکی هەموو هەڵیان کوتایە سەر ئەبولوئلوئە بۆ ئەوەی بیگرن، یەکێك لەوانەش کە هەڵیکۆتایە سەری عبدالرحمن کوڕی ئەبو بەکر بوو، کاتێك کە بینی ئەمە ئەبولوئلوئەیە کە دوێنی ئێوارە بینیویەتی، وە سەیری



ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

خەنجەرەکەشی کرد بینی هەر هەمان خەنجەرە کە دوێنی لێی کەوتە خوارەوەو پەشۆکا پێی، ئیتر هاواری کردو ووتی : ئەمە دوێنی لە گەلْ ( هورموزان و جوفەینە ) دا بینیومن و هەمان خەنجەریان پێ بووەو ئەوانیش بەشدارن لەم کارەدا.

عبیداللە ی کوڕی خەلیفەی موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب لەوێ بوو، هەموو قسەکانی عبدالرحمن ی گوێ لێ بوو، دڵنیا بوو کە ئەوانیش بەشدارن لە کوشتنی باوکیدا، لەبەر ئەوە چووە دەرەوەو شمشێرەکەی هەلگرت ورۆشت هەردووکیانی کوشت، بەلاّم یەکسەر موسڵمانان عبیداللە یان گرت و لە ماڵی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دەستبەسەریان کرد، تاکو موسڵمانان لە بە خاك سپاردنی خەلیفەکەیان بوونەوەو خەلیفەی نوێی -عوسمانی کوڕی عەففان خوالێی ڕازی بێ –یان هەڵبژارد.

یەکەم مەسەلە کەوتە بەردەم خەلیفەی تازە ئەمە بوو، ئیتر ئاماژەی کرد بە ئەهلی ڕاوێژوو پێی ووتن : ئەی خەڵکینە ڕاوێژتان پێ ئەکەم چی لەمە بکەین کە ئەم کارەی کردووەو ئەڵێن چی؟

هەندێ لە کۆچکەرەکان ووتیان : دوێنێ فەرماندەی باوەڕداران کوژراوە، ئەمرۆش کوڕەکەی بکوژینەوە!!

عەمری کوڕی عاس ووتی : ئەی فەرماندەی موسڵمانان ئەم کارە لە کاتێکا ڕویداوە کە تۆ هەڵنەبژێرابوویت، جا ئیتر خەڵکی سێ ڕۆژ بەم شێوەیە زۆر بێ تاقەت و غەمبار بوون، ئایا دوێنێ عومەر کوژراوەو ئەمرۆش کوڕەکەی بکوژرێتەوە ! وە لە لایەکی تریشەوە چۆن ئەبێت فەرمانی خواو سنورەکانی خوای گەورە پێشێل بکرێن، چونکە کە سنوور گەشتە لای حاکم ئیتر بە هیچ شێوەیەك بۆی نیە پێشێلیان بکات، ئیتر بەم شێوەیە حیوارو گفتوگۆ سێ ڕۆژ بەردەوام بوو تاکو ڕای زۆربەیان لە سەر ئەوە جێگیر بوو کە دەبێت تۆڵە لە عبیداللە بسەنرێتەوەو بکوژرێتەوە، چونکە ئەو دوو کەسەی بە بێ بەڵگە کوشتووە، با کوڕی خەلیفەش بێت دەبێت بکوژرێتەوە .

تەبەری ئەیگێڕێتەوە لە کوڕەکەی هورموزانەوە کە وتوویەتی : خەلیفە بانگی کردم و ووتی : کوڕم ئەوە ئەو کەسەیە کە باوکتی کوشت و دەتوانیت داوای تۆڵەی خۆتی لێ بکەیتەوە، تۆ لە پێشتری بەوەی کە بیکوژیت لە ئێمە، ئیتر دەڵێ کاتێك کە ڕۆشتین تاکو تۆڵەی لێ بسەنمەوە، هەموو خەڵکی تکایان لێ کردم کە بیبەخشم.

پێم ووتن : ئایا ئەتوانم و ماڤی خۆمە بیکوژمەوە؟

ووتیان : بەڵێ، وە قسەیان بە عبیداللە ووت لە سەر کارەکەی.

ووتم : ئایا ئێوە نایپارێزن و بەرگری لێ ناکەن؟

ووتیان: نەخێر .

ئیتر لە بەرخاتری خواو پاشان ئەوان وازم لێ هێناو تۆڵەم لێ نەسەندەوە، ئیتر هەموویان سەرسەریان نام تا گەشتمە ماڵەوە وەك ڕێزێك بۆم؟

سەری دەوڵەتی ئیسلام بە پیلانێکی ئاشکران ئەکوژرێت، نەك پیلانەکە کەشف بوبێت، بەڵکو پیلانەکە جێ بە جێ کراو خەلیفە کوژرا، وە کوڕەکەی دڵنیا بوو کە ئەوان بەشداریان تیا کردووە، خۆ ئەگەر دەستبەجێ نەیکوشتنایەوە بگەشتنایەتە دادگاوشایەتیان لە سەر بدرایە، ئەوە دانیان ئەنا بە تاوانەکانی خۆیانداو تۆڵەیان لێ ئەسەنرایەوە، بەلاّم لە بەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی ماددی و بەرچاوو نەبوو، ئەوا با کوڕی چاکترین و باشترین خەلیفەش بێت ئەبێت لەبەردەم کوڕی پێلانگێڕەکانی بکوژی باوکیدا بەرامبەر بن و لە پاشانیشدا فەرمانی تۆڵە لێسەندنەوەی بۆ دەربچێت .

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

وە ئەگەر کوڕەکەی هورموزان لە کوڕەکەی خەلیفە نەبورایە کە هیچ پاڵەپەستۆیەکی لە سەر نەبوو، ئەوا کوڕی خەلیفە دوای چەند ڕۆژێك لە کوشتنی باوکی ئەویش ئەکوژرا .

لە کام دادوەری دنیادا بەم شێوەیە دادپەروەری سەروەر بووەو پیادەکراوە ؟ ئەمڕۆ کەس ناوێرێ بە چاوێکی مۆنیشەوە هەر سەیری کوڕو کوڕەزاکانی دەسەڵاتداران بکات، چ جای خۆیان، لە زۆربەی وولاّتانی بە ناو ئیسلامدا تەنها قسە ووتنێك بە دەسەڵاتداری ستەمکاربەسە بۆ ئەوەی یان بە درێژایی ژیانت ڕۆژ نەبینیتەوە ئیتر، یان تۆمەتی خیانەتی گەورە ئەخەنە پاڵتو هیلانەی بەختەوەریت ئەشێوێنن.

لەو کاتەی کە ئیسلام بەو شێوەیە حوکمی کردووەو گەورەو بچوك و ژن و پیاو دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات و پارەدارو بێ پارە هەمووی یەکسان بووە لە بەردەم دادگاکەیدا، گەلانی تری ئەو کاتە خەڵکەکانیان کردبووە بە چەند چین و توێژێکەوە، بە نموونە لە هیندستاندا خەڵك بە گشتی لە چوا چین پێك هاتبوون، هەروەها لای فارس و ڕۆمەکانیش هەر بەو شێوەیە بوو.

ئەمڕۆ سەدان و هەزاران کەس بە بێ تاوان لەم دنیایەدا ئەکوژرێ و لە ناو ئەبرێن بێ ئەوەی زۆربەیان تاوانێکیان ئەنجام دابێت.

لە ماوەی ساڵ و نیوێکی داگیرکەری ئەمریکا لە عێراقدا زیاتر لە سەدهەزار عێراقی گیانیان لە دەست داوە، هەزارانی تریشیان بێ تاوان لە گرتوخانەکاندا ڕاپێچ کردووە، کە مامۆستای بەڕێز عەلی باپیر وەتمان یەکێکە لەو نموونانە، شەووڕۆژیش گوێچکەمان کەڕ بوو بە مۆسیقاو گورانی دیمکراسی، ئەبێ کەی ئەم جیهانە لەم دوکەڵ و ڕەشەبای زوڵم و ستەمە رزگاری بێت و دادپەروەری لە نێوان بەندەکانی خوادا بەرقەرار بێت!!

ZAGROS WEBSITE